# سەردانی گۆڕستان

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين،وبعد:

### دەبێت بزانرێت بۆ چی سەردانی گۆڕستان دەكرێت؟

لە ڕاستیدا سەردانی گۆڕستان سودێكی زۆری هەیە بۆ كەسێك باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەبێت، مەبەست لە سەردانی گۆڕستان ئەوەیە كەوا مرۆڤ بەگشتی و موسڵمان بە تایبەتی یادی ئەوە بكاتەوە كەوا لەپاش مردن زیندوو بونەوە و لێپرسینەوە و پاداشت وسزا هەیە لەسەر كرداری چاك و خراپ ، وە بیربكاتەوە ئەو مردووانەی كەوا تۆ ئێستا سەردانی گۆڕەكانیان دەكەیت وەكو تۆ زیندوو بوون لە دونیادا بەڵام ژیانیان كۆتایی هات و جارێكی تر ناگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئەم دونیایە، وە پەشیمان بوونەوەیش دادی هیچ كەسێك نادات، وە كاتێك بیر لەم باسانە دەكەیتەوە دەبێت بەهاندەرێك بۆت بۆ ئەوەی زیاتر سوور بیت لەسەر كرداری چاك و خۆت بە دوور بگری لە كرداری خراپ، ئەمە مەبەستە لە سەردانی گۆڕستان، بۆ پەند و (عیبرەت) وەرگرتن وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی:﴿ إني نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها ، فإنَّ فيها عبرة ، ولا تقولوا ما يُسخط الرب﴾[1].واتە: من لە سەرەتادا قەدەغەم كردبوو كەوا سەردانی گۆڕستان بكەن، بەڵام سەردانی بكەن، چونكە بەڕاستی پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدایە، وە ووتەیەك نەڵێن كەوا پەروەردگاری پێ تووڕە بێت.

وە هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:﴿ كنت نهيتكم عن زيارة القبور ، ألا فزوروها فإنَّها ترق القلب، وتدمع العين و تذكر الآخرة، ولا تقولوا هجراً﴾[2].واتە: من لەسەرەتادا قەدەغەم كردبوو كەوا سەردانی گۆڕستان بكەن، بەڵام سەردانی گۆڕستان بكەن، چونكە بەڕاستی دڵتان نەرم دەكات، و فرمێسك لە چاوتان دەردەهێنێ، و پاشە ڕۆژتان بیردەخاتەوە، وە كاتێك كە سەردانی گۆڕستان دەكەن ووتەی خراپ و نابەجێ مەڵێن.

ئیمامی (النووي) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی : ( لە فەرمودەكەی پێغەمبەردا(ﷺ) كە فەرموویەتی : " لا تقولوا هجراً " والهجرُ : واتە قسەی بەتاڵ و ناتەواو وناڕێك ، هەروەها دەفەرمێت: بۆیە لەسەرەتای ئیسلامەوە سەردانی گۆڕستان قەدەغە كرابوو چونكە ئەو خەڵكەی كەوا پێغەمبەر(ﷺ) لە گەڵیاندا دەژیا تازە موسڵمان ببوون و تازە لە كوفر ڕزگاریان ببوو، بەڵام پاش

---

(1)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (6789).

(2)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (4584).

ئەوەی کەوا ئاینی ئیسلام بەرپا بوو،و بەجوانی ڕوون کرایەوە،پاشان ڕێگەدرا بە سەردانی گۆڕستان ، بۆ ئەو مەبەستانەی کە باسمان کرد[3].

بەڵام ئەگەر سەردانی گۆڕستان بۆ ئەم مەبەستانە نەبوو بەڵکو بۆ مەبەستی خراپ و نابەجێ بوو وەك : پاڕانەوە لە مردووەکان ، و تەواف کردن بەدەوری گۆڕەکان ، و ئاژەڵ سەربڕین لە سەریان، و نەزر کردن بۆیان کە لەم سەردەمەدا باوە ودەکرێن، ئەمانە هەمووی حەرامەو بەڵکو هاوەڵ بڕیاردان و شیرکن (واتە: هەرکەسێك هاوار بکاتە مردوو یان بپاڕێتەوە لە گۆڕو مەرقەد و شەخص ونەزرگاودارو بەرد ئەوا شیرك و هاوەڵی بڕیارِ داوە بۆخوای تاك و تەنها لە پەرستندا، با هەرچەندە ئەو مردووەیش یان خاوەن گۆڕەکەیش پیاو چاك بوو بێت،چونکە ئێمەی موسڵمان فەرمانمان پێکراوە تەنها خوا بپەرستین و تەنها هاوار بکەینە خوا و تەنها لەو بپاڕێینەوە ئەمە مانای ئیسلامی ڕاستەقینەیە، نەك وەك ئەو کارانەی کەوا ئەمڕۆ دەکرێن لە سەر گۆڕستان و گۆڕی پیاو چاکان، بەداخەوە هەندێ کەس هەیە کاتێ ئامۆژگاری دەکەیت و پێی دەڵێت هاوار مەکەرە مردوو و نەزر مەکە بۆیان و مەپاڕێرەوە لێیان لە وەڵامدا دەڵێت: من نایان پەرستم، ئەم پیاو چاکانە ڕێز و پایەیان بەرزە لای خوا بۆیە داوایان لێ دەکەم و هانایان بۆدێنم !

بەڵام ئەگەر بە جوانی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وورد ببینەوە دەبینین ئەو کەسانەی کەوا خوای گەورە لە قورئاندا باسیان دەکات کەوا بێ باوەڕ بوون هەر ئەم کارانەیان دەکرد کەوا هەندێك لە خەڵکانی ئەمڕۆ دەیکەن، وەك: پاڕانەوە و هاوار کردن و نەزرکردن بۆ گۆڕی مردووان و تەواف کردن و ئاژەڵ سەربڕین لە سەر گۆڕەکانیان ئەم کارانە هەمووی پەرستنن (عیبادەتن) نابێ بۆ کەس ئەنجام بدرێت جگە لە خوای باڵادەست ، چونکە هەرکەسێك عیبادەت بۆ دروست کراوێکی خوائەنجام بدات– جا ئەو دروست کراوە مردوو بێت یان قەبر بێت یان دار بێت یان شەخص بێت– ئەوا ئەو کەسە هاوەڵ پەیداکار و **(مُشْرِك)**ـە چونکە پەرستنی (عیبادەتی) بۆ غەیری خواجێبەجێ کردووە،وە ئەم کارانەیش وەك زانیت عیبادەتن و ئەنجام دانی بۆ هەرکەسێك و هەر شتێك بێت جگەلەخوای گەورە ئەوا هاوەڵ بڕیار دانە بۆ خوای تاك و تەنها.

وە هەر کەسێك هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خوای گەورە ئەوا خوای گەورە هەڕەشەی کردووە کەوا بەهەمیشەی و هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەیهێڵێتەوە و لێی خۆش نابێت وەك لە قورئان دا فەرموویەتی :﴿ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا﴾ [سورة النساء : 116].واتە: بەدڵ نیایی خوای گەورە نابورێ و خۆش نابێ لە کەسێك کەوا هاوەڵی بۆ بڕیار

---

(3)- بڕوانە کتێبی : (المجموع) : (5/ 310).

دابێت، وە خۆش دەبێت لە هەموو تاوانێکی تر جگە لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان ئەویش بۆ کەسێك کەوا خوا ویستی لێ بێت،وە هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات ئەوا زۆر زۆر گومڕا بووە .

وە ئەوەیش بزانە کەوا هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاکو تەنها دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوە وپوچەڵ کردنەوەی کارە چاکەکانی مرۆڤ وەك خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [سورة الزمر : 65] .واتە: ئەگەر هاوەڵ بڕیار بدەیت بۆ خوای تاك و تەنها ئەوا کردەوەکانت پوچەڵ دەبێتەوە، ولە پاشە ڕۆژیشدا رەنجەڕۆ و زەرەرمەند دەبیت . وەباش بزانە کەوا هاوار کردنە گۆڕی پیاوچاکان و شەخص و دار وبەرد هیچ سودێکی نیە و وەڵامت نادەنەوە وەك خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ وَلا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنْفَعُكَ وَلا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ [يونس : 106].واتە: داوا مەکە و مەپاڕێرەوە جگە لە خوا لە شتانێك کەوا سودت پێ ناگەیەنێ و زیانیشت لێ لانادات، وە ئەگەر وات کرد ئەوا تۆ لە موشریك و هاوەڵ بڕیاردەران دەبیت،هەروەها دەفەرمێت:

﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ [الأحقاف : 5 - 6].واتە: کێ هەیە گومڕا تر بێت لەو کەسەی کەوا دەپاڕێتەوە و هاوار دەکات لە غەیری خوا، هاوار دەکاتە کەسانێك کەوا گوێ یان لە هاواری ئەو نیە، وە تا ڕۆژی دوایش وەڵامی هاوار و پاڕانەوەکەی نادەنەوە و ئەوان بێ ئاگان لەهاوار کردنی ئەم هاوەڵ بڕیاردەرانە ، وە کاتێکیش خەڵکی کۆدەکرێتەوە بۆ لێپرسینەوە ئەوانەی کەوا پەرستراون دەبن بە دوژمنی ئەو کەسانەی کەوا لە دونیادا پەرستوویانن .

چونکە پاڕانەوە پەرستنە (عیبادەتە) و خوای گەورە بە پەرستن باسی کردوە و پێغەمبەری خوایش﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی : ﴿الدعاء هو العبادة﴾ [4].واتە: پاڕانەوە پەرستنە (عیبادەتە).

وە هەر کەسێك بڵێت من نایان پەرستم بەڵکو وەك واسیتەیەك داوای لێ دەکەم بۆ ئەوەی لە خوا نزیکم بکەنەوە، ئەوا ئەم واسیتە دانانە خۆی لە خۆیدا دروست نیە و بەڵکو کوفرە،وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:﴿ أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ [سورة الزمر : 3] .

واتە: تەنها بۆ خوایە دینداری و خوا پەرستی پاك و پوخت بەدڵسۆزی ونیەت پاکیەوە،وە ئەو کەسانەی کەوا جگە لە خوای گەورە کەسانێکی تریان کردووە بە پەرستراوی خۆیان لە ئەولیاو پیاو چاکان و عیبادەتیان بۆ ئەنجام دەدەن، کاتێك لێیان بپرسی بۆچی پەرستن ئەنجام دەدەن بۆ ئەو گۆڕ ودار وبەرد وپیاوچاکانە ؟!

---

(4)- (صحيح سنن الترمذي) رقم : (2969) ، و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (3407).

له وەڵامدا دەڵێن: ئێمە نایان پەرستین، بەڵکو داوایان لێ دەکەین تاوەکو ئەو پیاوچاکانە و ئەو مردوانە لە خوا نزیکمان بکەنەوە،چونکە ئەمانە خاتریان لای خوا زۆرە بەڵکو خوا لە بەرخاتری ئەم مردوانە و لەبەر ئەم دار و بەردانە لێمان خۆش ببێ، بەڵام خوای گەورە و میهرەبان دەفەرمێت: بەدڵنیاییەوە خوای گەورەبڕیار دەدات لە نێوانیاندا لەسەر ئەو جیاوازیەی کەوا بویانە لەسەر ئایین،وە خوای گەورە ڕێنمایی کەسێك ناکات کەوا بێ باوەڕ و کافر و درۆزن بێت، ئەوەی کەوا ئامۆژگاری چاك دەکرێ و ڕێگای ڕاستی بۆ ڕوون دەکرێتەوە بەڵام واز ناهێنێت لە ڕێگای کوفر و گومڕایی، چونکە هەرچەند باسی ڕێگای ڕاستی بۆ بکەی ئەو بە درۆی دەخاتەوە.

جا خوێنەری بەڕێز ئێستایش لەو خەڵکانە زۆر زۆرن ! وە کاتێك بانگیان دەکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست بۆ سەر ئیسلامی پیرۆز بەلایانەوە سەیرە !

وە کاتێك ئامۆژگاریان دەکەیت کە پاڕانەوە و تەواف کردن و نەزر کردن عیبادەتن و نابێت بۆ هیچ کەسیك و هیچ شتێك ئەنجام بدرێت تەنها بۆ خوا نەبێت، دەڵێن ئەم قسانە سەیرە، بەڵام نازانن سەیر ئەوەیە کەوا ئەوان هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە بەخۆیان بزانن یاخود نەزانن.

خوێنەری بەڕێز وەك بۆمان دەرکەوت سەردانی گۆڕستان بۆ سوود وەرگرتنە ، بۆ ئەوەیە کەوا زیاتر باوەڕمان پتەوبێت و زیاتر ترسی خوای گەورە لە دڵەکانماندا بچەسپێنێت، و زیاتر یادی خوای گەورە بکەینەوە و بەردەوام لە چاکەکاری دا بین و بە دوور بین لە کرداری خراپ و ناپەسەند، ئەمە بوو مەبەست لە سەردانی گۆڕستان.

بۆیە دروستە و ڕەوایە سەردانی گۆڕی بێ باوەڕیش بکەیت بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگریت و زیاتر بگەڕێیتەوە بۆ لای خوا، لە فەرمودەیەکی (صحیح) دا هاتووە جارێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) ﴿زار قبر أمه فبكى، وأبكى من حوله، فقال استأذنت ربي في أن أستغفر لها، فلم يؤذن لي ، واستأذنته في أن أزور قبرها فأذن لي، فزوروا القبور فإنها تذكر الموت﴾[5].واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەردانی گۆڕی دایکی کرد، لە سەر گۆڕەکەی دەستی کرد بە گریان و دەگریا، ئەوەندە گریا تاوەکو ئەوانەی دەوروبەریشی هێنایە گریان و ئەوانیش دەستیان کرد بە گریان، وە فەرمووی: داوام کرد لە پەروەردگارم ڕێگەم بدات داوای لێ خۆشبوون بکەم بۆ دایکم، ڕێگەی نەدام، وە داوام کرد کەوا رێگەم بدات سەردانی گۆرەکەی بکەم ڕێگەی دام، وە ئێوەش سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە سەردانی گۆڕستان مردنتان دێنێتەوە یاد.

---

(5)- (صحيح مسلم) رقم : (976) .

## سوننەتەکانی سەردانی کردنیگۆڕستان :

1 ـ کاتێك دەچیت بۆ گۆڕستانی موسڵمانان بە مەبەست پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن سوننەتە سەلامیان لێ بکەیت :

وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان﴿ﷺ﴾ هاوەڵانی خۆی فێردەکرد کەوا ئەگەر چوونە سەر گۆڕستانی موسوڵمانان بڵێن:﴿السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون (أنتم لنا فرط، ونحن لكم تبع) أسألُ الله لنا ولكم العافية﴾ [6].واتە: سڵاوی خواتان لێ بێت ئەی ئەهلی ئەم گۆڕستانە لە باوڕداران و موسڵمانان، ئێمەیش (إن شاء الله) پێتان دەگەین ، ئێوە پێشمان کەوتن، و ئێمەیش بەشوێنتان دێین، وە داوادەکەم لە خوای گەورە لە ئێوەو ئێمەیش خۆش بێت.

2 ـ وە سوننەتە دوعای خێریان بۆ بکەیت و داوا بکەیت لە خوای گەورە لە تاوانەکانیان خۆش بێت:

وەك عائیشەی دایکمان(خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی :﴿كان رسول الله﴿ﷺ﴾ يخرج إلى البقيع، فيدعو لهم ، فسأله عائشة عن ذلك ؟ فقال إني أمرت أن أدعو لهم﴾ [7].واتە: پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەردەچوو بۆ گۆڕستانی بەقیع، دوعای خێری بۆ دەکردن، عائیشە(خوایان لێ ڕازی بێت) پرسیاری لێ کرد ئەویش فەرمووی: من فەرمانم پێ کراوە لەلایەن خواوە کەوا بۆیان بپاڕێمەوە.

وە سەلام کردن و دوعای خێر بۆ کردن تەنها بۆ مسوڵمانان دەبێت، واتە ئەگەر چوینە سەر گۆڕی بێ باوەڕێك یان گۆڕستانی بێ باوەڕان، نەسڵاویان لێ دەکەین، وە نەدوعای خێریان بۆ دەکەین، چونکە دروست نییە وەك لە قورئاندا هاتووە خوای گەورە فەرموویەتی :﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ [سورة التوبة : 113].واتە: بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وبڕواداران نییە وە نابێ داوای لێبوردن و لێخۆشبوون بکەن لە خوا بۆ بێ باوەڕان و هاوەڵ پەیداکەران با هەر چەندە نزیکتان بن وەك دایكو باوك، پاش ئەوەی کە بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەوان دۆزەخین، واتە بەبێ باوەڕی مردوون.

بەڵکو مرۆڤی سەرسەختو بێ باوەڕ دەبێت لە پاش مردنی موژدەی دۆزەخی پێ بدەیت وەك پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی:﴿حيثما مررت بقبر كافرٍ فبشره بالنار﴾ [8].واتە : هەر کاتێك تێپەڕ بوویت بە لای گۆڕی بێباوەڕێکدا ئەوا موژدەی ئاگری پێ بدە .

---

(6)- (صحيح مسلم) رقم : (975) .

(7)- (أخرجه أحمد) : (6 / 252) بسند صحيح على شرط الشيخين ، قالهُ الألباني في "أحكام الجنائز" ص : (239) .

(8)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (3165) و(سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم : (18) .

## * ئەو شتانەی کە حەرامە لە گۆڕستاندا ئەنجام بدرێن :

پێویستە بزانرێت کەوا هەندێ کاری نابەجێ هەیە نابێ بکرێت، چونکە ئەو کارانە تاوانن ئەگەر ئەنجام بدرێن :

***یەکەم:*** گۆڕ (قبر) هەڵبەستن بە گەچ و چیمەنتۆ و ئەو شتانە.

***دووەم:*** دانیشتن لەسەر گۆڕ.

***سێیەم:*** خانوو دروستکردن لەسەر گۆڕستان یان مزگەوت دروستکردن لە سەری.

***چوارەم:*** خۆڵ زیادە کردنە سەر گۆڕ واتە نابێ خۆڵی سەر گۆڕەکە لەیەك بست (شبر) زیاتر بەرز بکرێتەوە.

***پێنجەم:*** نووسینی ئایەت و شیعر و ئەو شتانە، کەوا ئەمانە هەمووی باوە و دەکرێت لە ناو گۆڕستانی مسوڵمانان .

بەڵگەیش لەسەر نادروستی ئەم کارانە زۆرن لەفەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﴿ﷺ﴾ ،جابری کوڕی عبدالله(خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت:﴿نهى رسول الله﴿ﷺ﴾ أن يُجصص القبر، وأنْ يُقعَد عليه ، وأن يُبنى عليه (أو يُزاد عليه) ، وأن يُكتب عليه﴾[9].واتە: پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ قەدەغەی کردووە گۆڕ هەڵبەسترێت و گەچ کاری و چیمەنتۆ بکرێت، وە یان لەسەری دابنیشرێت، وە یان خانووی لەسەر بکرێت، وە یان خۆڵی زیادەی لەسەر بکرێت وە یان لە سەری بنوسرێت).

وە لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە کەوا (أبو سعيد الخدري) ﴿رضي الله عنه﴾ دەیگێڕێتەوە و فەرموویەتی :﴿أن النبي ﴿ﷺ﴾ نهى أن يُبنى على القبر﴾[10].

***شەشەم:*** نوێژ کردن ڕووەو گۆڕ.

چونکە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی:﴿لا تصلوا إلى القبور ولا تجلسوا عليها﴾[11].**واتە: نوێژ مەکەن ڕووەو گۆڕستان، واتە نوێژ مەکەن بەرەو ڕووی گۆڕ، ودامەنیشن لەسەر گۆڕ .**

***حەوتەم:*** نوێژ کردن لەناو گۆڕستان.

چونکە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت: ﴿الأرض كلّها مسجد إلاَّ الحمام و المقبرة﴾[12].واتە: زەوی هەمووی مزگەوتە و شیاوە بۆ نوێژ کردن تەنها حەمام و گۆڕستان نەبێت .

---

(9)- (صحيح مسلم) رقم : (970) وانظر (أحكام الجنائز) ص : (260) .

(10)- (صحيح سنن ابن ماجه) رقم : (1564) .

(11)- (صحيح مسلم) رقم : (972) .

(12)- (صحيح سنن أبي داود) رقم : (492) .

وە ئەنەسی کوڕی مالك ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویەتی:﴿نهى النبي ﴿صلى الله عليه وسلم﴾عن الصلاة بين القبور﴾[13].واتە: پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ نوێژ کردنی لە نێوان گۆڕستاندا قەدەغە کردووە.

ئەم فەرمودانە کەوا نوێژ کردنیان لە ناو گۆڕستاندا قەردەغە کردووە بۆ هەموو نوێژێکە فەرز بێت یان سوننەت، وە هەروەها نوێژی مردویش دەگرێتەوە **(صلاة الجنازة)** مەگەر کەسێك مردبێت و نێژرابێت ئەو کاتە دروستە نوێژی مردووی لە سەر بکەیت لەناو گۆڕستان .

***هەشتەم:*** مزکەوت دروستکردن لەسەر گۆڕستان.

پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرمێت:﴿ لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد﴾[14].واتە: لەعنەتی خوا لە گاورو جوولەکە بێت،چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردووە بە مزگەوت واتە: نوێژیان تێدا دەکرد.

وە هەورەها دەفەرموێت:﴿قاتل الله اليهود اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد﴾[15].**واتە: لەعنەتی خوا لەجوولەکە بێت ، کەوا گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت و نوێژیان لەلای گۆڕەکانیان دەکرد .**

لە بەر ئەمە حەرامە بۆمسوڵمانان کە نوێژ بکەن لەلای گۆڕستان یان مزگەوت بگەن لەسەر گۆڕستان.

***نۆیەم:*** ڕۆیشتن و تێپەڕبون بەناو گۆڕستاندا بە پێڵاوەوە لەبەر فەرمودەکەی (بشير الخصاصية) ﴿رضي الله عنه﴾ کە فەرموویەتی :﴿بينما أماش رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ... أتى على قبور المسلمين ... فبينما هو يمشي إذ حانت منه نظرة فإذا هو برجل يمشي بين القبور عليه نعلان فقال: يا صاحب السبتين ألق سبيتك ، فنظر فلما عرف الرجلُ رسولَ اللهِ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ خلع نعليه فرمى بهما﴾[16].واتە: جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ڕێم دەکرد ... تاوەکو ڕۆیشتە سەر گۆڕستانی موسڵمانان ... بینی پیاوێك بەناو گۆڕستاندا دەڕوات و جوتێ نەعلی لە پێ کردووە ، پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ پێی فەرموو : ئەی کابرای نەعل لەپێ، نەعلەکانت داکەنە، کابراش تەماشای کرد، کە پێغەمبەری﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ناسی، نەعلەکانی داکەندو فڕێی دایە دەرەوەی گۆڕستان.

***دەیەم:*** شکاندنی ئێسکی مردووی موسڵمان، ئەویش بەچەند هۆیەك دەبێت.

---

(13)- (رواهُ البزار) رقم : (441) وصححهُ الألباني في "أحكام الجنائز" ص : (270) .

(14)- (صحيح البخاري) رقم : (5815) .

(15)- (صحيح البخاري) رقم : (437) و(صحيح مسلم) رقم : (530) .

(16)- (صحيح سنن أبي داود) رقم : (3230) وانظر (أحكام الجنائز) ص : (252) .

یەكەم بەهەڵ گێڕانەوەی گۆڕەكە بەبێ عوزر، یان تێپەڕبوون بەسەر گۆڕەكاندا ، گۆڕی وا هەیە كۆنە و تەپیوە، تێپەڕیون بەسەر گۆڕەكاندا زیانی هەیە چونكە مرۆڤی موسڵمان بە زیندوویی و مردوویی هەر ڕێزی هەیە، لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) كە فەرموویەتی :﴿ إنَّ كسر عظم المسلم ميتاً مثل كسره حياً﴾[17].واتە: بەڕاستی شكاندنی ئێسكی مردوی موسڵمان وەك شكاندنی وایە بەزیندوویی.

***یانزەیەم:*** قورئان خوێندن لەسەر گۆڕستان.

لەبەر فەرمودەكەی (أبو هريرة) (رضي الله عنه) كە فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:﴿لا تجعلوا بيوتكم مقابر، إنَّ الشيطان ينفر من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة﴾[18].واتە:ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان، كە قورئانی تێدا نەخوێنن چونكە بەڕاستی شەیتان دوور دەكەوێتەوە لەو ماڵەی كەوا سورەتی (البقرة)ی تێدا دەخوێنرێت.

كەوا بوو ئەو كەسانەی كەوا لەسەر گۆڕستان قورئان دەخوێنن بۆ مردووەكان كارێكە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، و خراپیان كردوە نەك خێر وچاكە.

***دوانزەیەم:*** نابێت لە كاتێكدا كە دوعای خێر دەكەی بۆ مردووەكان و داوای لێ خۆش بوونیان بۆ دەكەی ڕوو بكەیتە گۆڕەكان، چونكە كارێكی ناشەرعی‌یە ، بەڵكو دەبێت ڕوو بكرێتە قیبلە .

ئیمامی (النووي) فەرموویەتی :﴿قال الإمام أبو الحسن محمد مرزوق في "الجنائز" : فمن قصد السلام على الميتٍ سلم عليه من قبل وجهه، و إذا أراد الدعاء تحول عن موضعه وأستقبل القبلة﴾[19].واتە: هەركەسێك ویستی سڵاو بكات لە مردوویەك ئەوا لەلای ڕووی گۆڕەكەی سڵاوی لێ دەكات ، وە ئەگەر ویستی دوعا بكات لەو جێگەیە لادەچێت و ڕوو لە قیبلە دەكات.

وە زۆربەی زانایانی ئیسلام وایان فەرمووە .

***سیانزەیەم:*** سەفەر كردن و خۆ ئامادەكردن بۆ گۆڕستان بە نیازی مانەوە و پاداشت وەرگرتن.

لەبەر فەرمودەكەی (أبو هريرة) (رضي الله عنه) كە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:﴿لا تشدُّ الرحال إلاَّ إلى ثلاثة مساجد: مسجدي هذا ، ومسجد الحرام، ومسجد الأقصى﴾[20].واتە : خۆتان مەپێچنەوە و سەفەر مەكەن بەنیەتی خێر و پاداشت تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت، مزگەوتی حەرام (كەعبەی پیرۆزە)، وە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) كە لەشاری مەدینەدایە، وە مزگەوتی ئەقصی كە لەوڵاتی فەلەستین دایە.

---

(17)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (2143) .

(18)- (صحيح مسلم) رقم : (780) .

(19)- (المجموع للنووي) : (5 / 311) .

(20)- (صحيح البخاري) رقم : (1189) و(صحيح مسلم) رقم : (1397) .

تەنها بۆ ئەم سێ مزگەوتە ڕەوایە خۆت ئامادەبکەی بەنیەتی مانەوە بۆ خوا پەرستی کەوا ڕێگەی دووری بۆ بگریتە بەر.

کەوابو زانیمان مەبەست لە سەردانی گۆڕستان بۆچیە، وە هەروەها زانیمان هاوارکردنە مردوو یان تەواف کردن بە دەور گۆڕدا کوفرە، وە زانیمان چ شتێك سوننەت و چاکە لە گۆڕستاندا بکرێت، وەچ شتێك تاوان و سەرپێچیە ئەگەر لە گۆڕستاندا بکرێت، هەروەها شتی تریش ماوە بەڵام لەبەر نەبوونی کات دەرفەتمان نەبوو باسیان بکەین ، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە زۆر شتی گرنگ ڕوون کرایەوە بۆ خوێنەران.

وە پێویستە لەسەر هەموومان بەجوانی ئامۆژگاری خوشکان و برایانمان بکەین کەوا ئەگەر چوونە سەر گۆڕستان بۆ پەند (عیبرەت) وەرگرتن بزانن کاری چاك کامەیە و کاری خراپ کامەیە، بەڵکو توشی کوفر و بیدعە و تاوان نەبن.

وصلى الله وسلم على رسولنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

ئامادەکردنی مامۆستا مالك رفعت

سایتی فەرموودە

هەمیشە ڕاستگۆیی

www.fermude.com